# شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

کۆلێژی یاسا

جوارشەممە Wednesday 2018/2/28 - ژمارە (7) Issue

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشك دەردەچێت


### لە رێوڕەسمی (سوپاس بۆ شەهیدان)دا

# زانکۆی ئیشك ماڵباتی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید خەڵات دەکات

**لە پەیامنێری (شایان)ەوە:**

لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی وەزارەتی خویندنی باڵا و تویژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی کەسوکار و ماڵباتی شەهیدانی ریگای رزگاریی کوردستان، رۆژی ٢٨-٢-٢٠١٨ سەرۆکایەتیی زانکۆ ئیشک بە هاوکاریی کۆمەڵێک لە قوتابیانی زانکۆ، وەک نەریتێکی ساڵانەی لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا لە هەولێر، رێوڕەسمی (سوپاس بۆ شەهیدان) رێک دەخات و تیایدا ماڵباتی کۆمەڵێک شەهیدی قارەمان و دوو لە قوربانیانی جینۆساید لە هەڵەبجە و گەرمیان خەڵات دەکات.

مەبەست لە سازدانی ساڵانەی ئەو رێورەسمە، وەک سەرچاوەیەک لەنێو سەرپەرشتیارانی بۆ دیوارنامەی (شایان)ی خستە روو، رێز و وەفادارییە بۆ گیانی پاکی شەهیدان و کەسوکاری سەربڵندیان.

سەرچاوەکە گوتیشی: هەستکردنی هەر تاکێکی ئەم کوردستانە و بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆکەمانە بە قوربانییە مەزنەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و هێزە داگیرکەرەکانی تردا، هەروەها رێزگرتنە لە شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بە کیمیابارانکراوان وئەنفالکراوانەوە، وێڕای شەهیدانی راپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان.

سەرچاوەکە گوتیشی: درێژەدان بە کاروانی زانستەوپێشکەوتن لەلایەن قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆکەمان و هەموو ناوەندە زانستی و پەروەدەیی و ئەکادیمییەکانی تری کوردستانەوە، بەڵێنێکە کە بە شەهیدان و کەسوکاریان دەدرێ.

زیاتر روونی کردەوە: لەو رێورەسمەدا زانکۆی ئیشک هەوڵ دەدات بە کۆکردنەوەی نوێنەرانی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان لە مامۆستا و قوتابی، وێنەی رەنگین و درەوشاوەی پێکەوەژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان پیشان بدات، ئەمە وێڕای بانگهێشتکردنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بێ جیاوازی، تا بەشداری لەو رێورەسمەدا بکەن.

بەپێی ئەو زانیارییەی لە لیژنەی سەرپەرشتیاری رێورەسمەکەشەوە پێمان گەیشتووە، ئەمساڵ لەو رۆژەدا ماڵباتی ١٣ شەهیدی قارەمانی کوردستان و دوو لە قوربانیان کیمیاباران و ئەنفالکراوان، لەجیاتی هەمووو شەهیدان و قوربانیان، خەلاتی رێزلینانی زانکۆی ئیشکیان پێ دەبەخشرێ، کە بریتین:

ماڵباتی شەهیدان (سابیر عەرەب میرزا، محەمەد ئەمین چەتۆ، ئەرکان شەریف، غازی عەبدوڵا، جەبار عەلی شەوکەت، رەمەزان دۆسکی، لوقمان ئەنوەر، مەریوان مەحمود، گەرمیان ئەبوبەکر، حسێن بەکر کەریم، موسڵیح عەبدوڵا، سۆران محەمەد سەعید، کەمال جەلال ساڵح) هەروەها کچە دەربازبووی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە (مریەم هەلەبجەیی) و رزگاربووی کارەساتی ئەنفال (حەسەن عەلی فەرەج).

سەرۆکایەتیی زانکۆی ئیشک، لە پەیامێکیدا داوا لە سەرجەم قوتابیان و مامۆستایانی دەکات، بەوپەڕی دڵگەرمی و دڵسۆزی و کارابیەوە بەشداریی ئەو رێورەسمە شکۆدارە بکەن.




## ئەکتەرانی رۆژی ئاڵا خەڵات کران

رۆژی ٢٠١٧\١٢\٤ لە رێورەسمیکی تایبەتدا، هەریەکە لە د. ئیدریس هادی ساڵح سەرۆکی دەستەی ئەمیندارانی زانکۆی ئیشک و پ. د. ئەحمەد ئۆزتاش سەرۆکی زانکۆی ئیشک، پێشوازییان لە دەستەیەک لە هونەرمەند و ئەکتەران کرد کە بەشدارییان لە نمایشی شانۆیی بەرز راگرتنی ئاڵای کوردستاندا لەنێو زانکۆی ئیشکدا کردبوو، لە کۆتایی دیدارەکەدا و لە رێورەسمێکی شیاودا دیاری و خەڵاتی رێزلێنان بەو ئەکتەرانە بەخشرا.



## سەردانی قوتابخانە ئامادەییەکان

لە رۆژانی ١٣، ١٤، ١٥ /٢/٢٠١٨ لەژێر دروشمی (سەردانی داهاتووت بکە) بەشی یاسای زانکۆی ئیشک بە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی کۆمەڵێک قوتابخانەی ئامادەییان کرد، ئامانج لەو سەردانانە زیاتر ناساندنی زانکۆی ئیشک بوو بە قوتابییەکان، شایەنی باسە سەردانەکان بە سەرپەرشتیی م. خالید جەلال و م. عەبدوڵا شاخەوان رێک خران.




## رۆژی جیهانیی شێرپەنجە

وەک چالاکییەکی زانکۆیی کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستی، بە سەرپەرشتیی راگرایەتی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، رۆژی ١٥/ ٢/ ٢٠١٨ قوتابیانی بەشی یاسا بە کۆمەڵێک کار و چالاکی تایبەت لەنێو زانکۆدا، بەشداریان لە چالاکییەکانی (رۆژیجیهانیی شێرپەنجە) و کۆمەککردنی نەخۆشانی شێرپەنجە لە کوردستان.



## سەروتار

### یادی پڕ شکۆی شەهیدان



**هیرۆ ئیسماعیل عارف**

وێنەی تابلۆیەکە کە بۆ هیچ یەکێک لە ئێمە نامۆ نییە، وێنەی شەهیدبوونی رۆڵەکانمانە، شەهیدبوونی کوڕانی گەلە لەپێناو خاکێک کە نە داگیرکەرانی و نە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی پێ ڕەوا نابینێ، ئەمە لە حاڵێکدا کە گەلانی وەها لە دنیادا بوونەتە خاوەن دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ، کە نە خەبات و قوربانییان نیو هێندەی کوردستانیانە، نە ژمارەیان یەک لەسەر سەدی کوردستانییانە.

تابلۆی ئەو شەهیدانە رەنگدانەوەی هەموو ئەو نەهامەتی و زوڵم و زۆردارییەیە کە بەدرێژایی مێژوو لە گەلی کوردستان کراوە. تابلۆی هەر شەهیدێک چیرۆکێکی خەمناکی ئەم گەلە دەگێڕێتەوە کە گیانی خۆی فیدا کردووە بۆ ئەو ئازادی و سەربەخۆییەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکات، تەنانەت لە زۆر وێستگەی مێژووییدا بەرگریی قارەمانانەی لە هەموو مرۆڤایەتییش کردووە.

نەخشاندن و گێڕانەوەی نەخشی ئەو تابلۆیانە ئەوەندە قورس و سەختن کە نە وشە دەتوانێت دەری ببڕێت و نە لە پەرتووکەکانیشدا جێیان دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان لەلایەک بۆ لەبیرنەکردنی ئەو قوربانییە گەورەیەی کە شەهیدان و بنەماڵەکانیان داویانە و لەلایەکی تریش بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بزانێت مێژووی کورد چ قوربانییەکی تێدا دراوە هەر بەردەوامن، ئەوەش ئەگەر بە نووسینی بابەت بێت یان لەچاپدانی پەرتووک، بە دیکیۆمێنتاریی فۆتۆیی بێت یان ڤیدیۆیی، ئەگەر بە سروود و گۆرانی و لاوانەوە بێت، یان بە پەخشان و هۆنراوە، ئەگەر بە تابلۆی نیگارکیشان بێت یان بە پەیکەری پەیکەرسازان، ئەگەر بە گێڕانی ماتەمینی بێت یان بە سازدانی رێوڕەسمی شکۆدار. لەم نێوەندەدا زێدەرۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم زانکۆی ئیشک بە سازدانی رێورەسم بۆ یاد و یادەوەریی شەهیدانمان لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان پێشەنگە، چونکە لەم زانکۆیە چەند ساڵێکە بەردەوام لە مانگی شوباتدا رێورەسم بۆ شەهیدانی کوردستان بە تایبەتی شەهیدانی شەڕی بەرگری لە نیشتمان و هەموو مرۆڤایەتی، دژی تاریکپەرستانی داعش دەگێڕێت، ئەمەش لە سۆنگەی بەرپرسیارییەوە دێت و شانازییەکی گەورەیە بۆ زانکۆکەمان بە مامۆستا و قوتابی و کادیرانی ئەکادیمی و زانستییەوە.

زانکۆی ئیشک ساڵانە بە گێرانی رێورەسمی (سوپاس بۆ شەهیدان) پێمان دەڵێت: ئەو ژیانەی ئێمەی تیایدا دەژین بە سەربەرزی و سەرفرازی و ئازادی، بە رەنج و قوربانیی شەهیدان و ماڵبات و کەسوکاریانە، بۆیە نابێ بە هیچ جۆرێک لەبیر بکرێن، ئەوەش بە خەڵاتکردنی چەند بنەماڵەیەکی شەهید و گێڕانەوەی چیرۆک و ژیاننامەی ئەو شەهیدانە دەبێت کە خوێنی خۆیان بۆ خاک و گەلی کوردستان ڕشتووە.

سڵاو لە گیانفیدایی بێ وێنە و لە رۆحی شادی هەموو شەهیدانی کوردستان و بەتایبەتی شەهیدانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و حەشدی شەعبیی داگیرکەر، چونکە تاوانەکانی ئەوانیش دژ بە کورد و خەڵکی کوردستان لە تاوانەکانی داعش کەمتر نیین، لەم رێورەسمەدا رێزلێگیراوان ناوی شەهید (ئەرکان شەریف)ی وێنەگری کوردستان تی ڤیی تێدایە کە لە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە شارۆچکەی داقووق لە ماڵەکەی خۆی بەبەرچاوی منداڵەکانیەوە بە دڕندەترین شێوە لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە شەهید کرا.

نەمری بۆ شەهیدان و دەستخۆشی بۆ زانکۆی ئیشک بۆ لەبیرنەکردنی قوربانیی شەهیدانی کوردستان.

## وۆرك شۆپەکانی بەشی یاسا

– رۆژی ٢٠١٨\١\١٤ وۆرکشۆپێک لە ژێر ناونیشانی (الجريمه الظنيه في قانون العقوبات) لە لایەن د. عەماد فەتاح پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢٠١٨\١\٣٠ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی (الحق بين الحقيقه القضائيه والوقائع القانونيه والماديه في الاثبات) لە لایەن د. عەبدولباست کەریم مەولود پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢٠١٨\١\٣٠ لە هۆڵێکی تر وۆرکشۆپێک لە ژێر ناونیشانی (الجريمه السياسيه واختلافها عن الجريمه العاديه) لەلایەن د. عیماد فەتاح پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢٠١٨\٢\١١ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی (الملاحظات القانونيه hands book) لەلایەن هەردوو مامۆستا د.حسێن بالیسانی و د. عەبدولباست کەریم پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢٠١٨\٢\٦ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی ( قانون الصرف – دراسه تحليليه قانونيه ) لەلایەن بەڕێز د. عەبدولباست کەریم پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢٠١٨\٢\٦ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی ( p reparatior for ISO auditing) لەلایەن مامۆستا رەشا ئەلقەبانی پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢٠١٨\٢\٦ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی (نظام الامن الجماعي) لەلایەن د. عدنان عەبدولا رەشید پێشکەش کرا.

– رۆژی ٢٠١٨\٢\٧ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی (قرار الاتحاد من اجل السلام) لە لایەن د. عەدنان عەبدولا رەشید پێشکەش کرا.

– رۆژی ٨/ ٢/ ٢٠١٨ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی (المسؤليه الجنائيه للمخبر السري) لەلایەن د. عیماد فەتاح پێشکەش کرا.

– رۆژی ٨/ ٢/ ٢٠١٨ وۆرکشۆپێک لەژێر ناونیشانی (قوات حفظ السلام الدوليه) لەلایەن د. عدنان عەبدولا رەشید پێشکەش کرا.



هەر جارەی مامۆستایەکی زانکۆکەت بناسە

# د. حسێن بالیسانی



- ساڵی ١٩٥١ لە بالیسانی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە.
- خویندنی سەرەتایی لە هەولێر خویندووە و ناوەندیی لە کوبەیسە و قۆناغی دواناوەندیی لە رومادی تەواو کردووە.
- لە شەستەکاندا پەیوەندیی بە یەکیتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە.
- دوای رێککەوتننامەی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەسەر حەقەبەشی شۆڕشی کوردستان دەچێتە کۆلێژی پۆلیس و ساڵی ١٩٧٣ ئەو کۆلێژە تەواو دەکات و دەبێتە ئەفسەر.
- دوای پاشگەزبوونەوەی حکوومەتی عێراق لە رێککەوتننامەی ١١ی ئادار و دەسپێکردنەوەی شۆرش، لەسەر هەڵویستی کوردانەی، ماوەی نزیکەی ٨ ساڵ نەفی دەکرێ بۆ باشووری عێراق، هەر لەو ماوەیەدا کۆلیژی زانست بەشی فیزیا تەواو دەکات.
- هەر لەو ماوەیەدا، لە چەند فەرمانگەیەکی بەرگریی شارستانی لە دیوانیە و رومادی و باقووبە کار دەکات تا دەگاتە پۆستی بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی پارێزگای دیالە، بەڵام بەهۆی بەعسی نەبوونەوە دواتر لەو پۆستە دادەبەزێنرێت و دەبێتە یاریدەدەری بەڕێوەبەر.
- پاشان دەگەڕیتەوە هەولێر و دوای راپەڕین لەسەر داوای سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، دەبێتە بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی هەولێر و پلە سەربازییەکەی پێ دەدرێتەوە و دەبێتە موقەدەم.
- هەر لەو ماوەیەدا کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات و سێیەمین بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەردەگرێت.
- ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دیرین لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆی پارتی پێک دەهێنن.
- دوای ئەوە بە پلەی نایاب بڕوانامەی ماجستێر لە یاسادا بەدەست دەهێنێ و دەچێتە زانکۆی سەلاحەدین وەک مامۆستا.
- ماوەی ٧ ساڵ لە پۆستی سەرۆک بەشی یاسای کۆلێژی مافی ئێواران لە زانکۆی سەلاحەدین خزمەت دەکات.
- ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی دکتۆرا بە پلەی نایاب لە بواری یاسادا بەدەست دەهێنێ.
- دواتر دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی لەوێش دەبێتە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراقی و لەوێشەوە بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەندامێتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خانەنشین دەبێ.
- دوای خانەنشینبوونیش بە گرێبەست لە زانکۆکانی سەلاحەدین و دیجلە وەک مامۆستا بەردەوام دەبێ.
- لە ساڵی ٢٠٠٨وە تا ئێستا لە زانکۆی ئیشک مامۆستایە.
- سەرپەرشتیی چەندین تێزی ماجستێر و دکتۆرای کردووە لە زانکۆی سەلاحەدین و چەندین زانکۆی ئەهلی لە ناوەو و دەرەوەی وڵات.
- دامەزرێنەری دوو رێکخراوی یاسایی و ئەکادیمییە، یەکەمیان: (سەنتەری توێژینەوەی تاوان و کۆمەڵایەتی) لە ساڵی ٢٠٠٢ هەولێر. دووەمیان کە لەگەڵ د. محەمەد شەریف ئەحمەد دایمەزراندووە، بەناوی (منتدى الفكر الاسلامي) لە ساڵی ٢٠٠٨.
- خاوەنی ١٠ توێژینەوەی زانستیی بواری یاسایە.
- سێ کتێبی گرنگی لەبارەی یاساوە بە چاپ گەیاندووە، کە بریتین لە:

١- النظريه العامه لجريمه الامتناع دراسه مقارنه
٢- القضاء الدولي الجنائي
٣- مختصر شرح قانون العقوبات

## مەرجەعی باڵا چییە؟

## قسەکانی مەرجەعی باڵا بڕیارن و باڵاترین دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتییە



**جەواد جەلال**
قۆناغی چوارەمی بەشی یاسا

لەنێو مەزهەبی شیعیدا، ئیمام هەیە. ئیمام کەسێکی (موجتەهید)ە، ئەم (موجتەهید)ە لەناو کۆمەڵگەدا وەڵامی پرسیارە ئایینی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەداتەوە. هەندێک لەم ئیمامانە دەبنە خاوەن کتێب و بە شوێن پرسیارە وەڵام نەدراوەکانی ئاییندا دەگەڕێن و زانستی خۆیان لە ئاییندا گەشە پێ دەدەن و هەوڵی بەرزکردنەوەی پلەی مەرجەعیبوونی خۆیان دەدەن (هەڵبەتە تەنیا لەناو مەرجەعی شیعەدا مەرجەعی باڵا هەیە). وشەکە یاخود چەمکەکە بە زمانی عەرەبی و فارسی، لە (محل رجوع)ەوە هاتووە، بە واتا ئاینییەکەی گەڕانەوە بۆ شوێنێک، یان کەسێک.

پێویستە ئەو کەسەی لەو شوێنەدایە، لە رووی ئایینی و زانستییەوە، لەوانی تر زاناتر و شارەزاتر بێت و بتوانێت خۆی بکاتە سەرچاوەیەک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە جەوهەرییەکانی ئیماندارانی شیعە مەزهەب. هەندێک لەم ئیمامانە بەهۆی شارەزاییان لە فیقە و بنەما ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا، دەگەنە پلەیەکی بەرزتر و دەتوانن فەتوا بدەن. لە کتێبی (اصول الفقه)دا باس لەوە دەکات، یەکەم کەسێک لەناو شیعە دەبێتە مەرجەع. (شێخ توسی)یە، کە لە سەدەی پێنجی کۆچیدا ژیاوە. پاش ئەم ئیمامە ئیدی لەناو مەزهەبی شیعەدا دەبێتە نەرییتێک و تا ئەم چرکەساتەش بەردەوامە. ئەم نەریتەی مەرجەعی بەردەوام دەبێت تاکوو سەردەمی (ابت الله بروجردی) کە حەوزەی (قوم) دەکاتە پایەیەکی بنەڕەتی بۆ بەرهەمهێنانی ئیمام و مەرجەعی شیعە. شاری (قوم) پاشان دەبێتە شارێک بۆ پەیڕەوکردنی مەزهەبی شیعە و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی لێی. دوای ئەوەی ئەم شارە دەبێتە مەدرەسە، پێویستە هەموو ئەوانەی دەبنە مەرجەع، دەرسەکانیان لای مامۆستایانی ئەو شارە بخوێنن، چونکە یەکەمین و بەهێزترین مەدرەسەی شیعەیە.

لەناو مەزهەبی شیعەدا کۆمەڵێک مەرجەع هەیە:

- مەرجەعی تەقلیدی
- مەرجەعی عام (گشتی)
- مەرجەعی ئەعلا (باڵا)

سەرنجەکەی ئێمە لەسەر مەرجەعی باڵایە.

بەپێی پێناسەی مەزهەبییەکە دەڵێت: لە هەر دەورانێکدا لەناو هەموو تایپەکانی مەرجەعەکاندا یەکێکیان لە هەموویان شارەزاتر و زاناترە، دەبێتە مەرجەعی باڵا. پێویستە مەرجەعی باڵا ببێتە کەسێکی جێ بڕوای خەڵک و هەموو پێڕەوکارانی مەزهەبی شیعە پشت بە تواناکانی ببەستن. مەرجەعی باڵاش بەهۆی شارەزاییەوە لە کاروبارە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکاندا (ئێستا سیاسەتیشی تێ کەوتووە) کەمترین قسە و فەتوا دەدات. هەر کاتێک کە مەرجەعی باڵا قسەی کرد، ئیدی هەمووان پێڕەوی قسەکانی دەکەن، چونکە قسەکانی بڕیارن. لەناو مەزهەبی شیعەشدا باڵاترین دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتیی لای مەرجەعی باڵایە.

# مانگرتنی فەرمانبەران لە دیدی یاساوە



**د. کاوە یاسین***

مەبەست لە مانگرتن «وەستانی کارە بە شێوەیەکی رێکوپێک و دیسپلین، لەپێناو داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی پیشەیی.» هەندێک لە کارناسانیش بەم جۆرە پێناسەی دەکەن، کە کۆمەڵێک کەس ئیدی کاری پیشەیی خۆیان رادەگرن، جا کارەکە مەدەنی بێت یان کۆمەلایەتی، بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافەکانیان، لەڕێی ئەو گوشارەی دەیخەنە سەر ویستی دەستە و دەزگا و ئەو دەسەڵاتەی کاری لە لا دەکەن.

خۆ رەنگە بە سیاسەت کارکردنی حکوومەت لەنێو دەسەڵاتەکانی کارگێڕیی گشتیدا، ببێتە مایەی دروستبوونی کەموکورتی لە مافی فەرمانبەراندا، ئەو مافەی لە دەستوور و یاسادا هەیە. ئەمەش وا لە فەرمانبەران و کارمەندانی گرێبەست دەکات، کە لەڕێی فشار کردنە سەر دەسەڵاتی کارگێڕی داوای ئەو مافە بکەن، ئیدی بۆ ماوەیەکی کاتی وایان لێ دەکات دەست لە کارەکانیان هەڵبگرن، بە ئامانجی بەدەنگەوەهاتنی ماف و خواستی پیشەییان کە دەستوور سەلماندوویەتی، ئەویش لەڕێی مانگرتنەوە.

ئامانجی مانگرتن بە شێوەیەکی تایبەت ئەوەیە، کە لایەنی یاساییانەی مافی پیادەکردنی مانگرتن لە عێراق و هەرێمی کوردستان بخاتە روو، هەروەها بۆ ئاشنابوون بە رادەی کاریگەریی مانگرتن بۆ سەر پەیوەندیی وەزیفی، سەربارى ئەو سنوورەى یاساڕێژانی عیراق بۆ پیادەکردنی مافی مانگرتن دیارییان کردووە، ئامانجیش بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتییە. لە هەمان کاتدا هەڵوەستەکردن لە ئاست بابەتی سزادان و تەمبێکردن، ئەگەر هاتوو فەرمانبەری مانگرتوو هەڵەیەکی گەورەی کرد و پێویستی بە لێپێچینەوە بوو.

مانگرتن زۆر شێوە و شێوازی هەیە، لەوانە:

مانگرتنی ئاسایی:

ئەم جۆرە مانگرتنە لە هەمووان باو و بڵاوترە، تەنیا پێویستی بە گرد و کۆکردنەوەی توخمەکانی گشتیی مانگرتنەکە هەیە، واتە بریتی بێت لە کار راگرتن، کە بە شێوەی دەستەجەمعی دەبێت، پاشان دەیەوێ خواستی پیشەیی بەدەست بهێنێت.

مانگرتنی خولاو (سووڕاو):

ئەم جۆرە مانگرتنە لەڕووی جێبەجێکردنەوە بە نۆرە دەبێت، بۆ نموونە گرووپێک مان دەشکێنن، گرووپێکی دی لە جێی ئەوان دەست مانگرتن دەکەنەوە.

کورتە مانگرتنی چەندبارە:

بریتییە لە چەندین جار راگرتنی کار، هاوکات مانەوەش لە شوێنی کاردا.

پاڵشتە مانگرتن:

بەو واتای مانگرتنی فەرمانبەران لەو کار وئەرکەی پێیان سپێردراوە، بە ئامانجی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی پیشەییانەی فەرمانبەرانێکی دی، کە سەر بە هەمان لایەن وفەرمانگە نین، هیچ بەرژەوەندییەکی راستەوخۆی هاوبەشیشیان لەنێواندا نییە.

مانگرتنی کتوپڕ:

ئەو مانگرتنەیە کە کتوپڕ روو دەدات، ئەمەش دەبێتە مایەی ئیفلیجبوونی کەرتی کارگێڕی، پەشێوی و نائارامیشی لێ دەکەوێتەوە و بەرژەوەندیی گشتی رادەگرێت.

گرنگیی مانگرتن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پەیوەندییەکی بەتینی بە واقیعی ئەرک و فەرمانی گشتییەوە لە عیراقدا هەیە، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستای عیراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، لە سایەی قەیرانی ئێستای سیاسی و ئابوورییەوە، دەبینین کە مانگرتنی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت بووە بە دیاردەیەک، ماوە نا ماوە دووبارە دەبێتەوە، ناشکرێ فەرامۆش بکرێت.

چینی فەرمانبەر پێویستە بە کولتووری یاسایی ئاشنا بێت، بۆ ئەوەی بە هەموو ئەو دەستەبەر و بنەمایانەی یاسا ئاشنا بێت، تا ئەو مافە پیادە بکات، بەبێ ئەوەی لە ئامانج و ئاراستەی خۆی لا بدات و چەوت بخرێتە کارەوە، چونکە مانگرتن ئامرازێکی کارا و کاریگەرە، شێوازێکی شارستانییشە بۆ پیادەکردنی بە شێوەیەکی ئاشتییانە، بە مەرجێک لە چێوەی رەوایی خۆی دەرنەچێت.

گرنگترین حاڵەتەکانی پیادەکردنی مانگرتن لە عێراق و هەرێمی کوردستان

لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە، عیراق بە زۆر شێوە حاڵەتی مانگرتنی بەخۆوە بینی. بۆ نموونە: مانگرتنی فەرمانبەرانی زانکۆی بەسرالە تەشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا، وەک نارەزاییەک دەرهەق بە مووچە و شایستەی دارایی خۆیان. بە هەمان شێوە مانگرتنی چاودێرانی ئاسمان لە ساڵی ٢٠١٧دا، ئەمەش گەشتی ئاسمانیی لە هەردوو فڕۆکەخانەی بەغدا و بەسرا راگرت، تێیدا مانگرتووان داوای دەرماڵەیەکیان دەکرد، کە بۆ کارمەندانی کۆمپانیای بیانی، ئەوانەی لە فڕۆکەخانەکانی عیراقدا کاریان دەکرد، خەرج دەکرێت. کارمەندانی بیانی لە ئاسمانەڕێی عیراقدا بەراورد بە فەرمانبەرانی عیراقی لە هەمان بواردا، مووچەی خەیاڵییان پێ دەدرا.

لە هەرێمی کوردستانیش، هەم کرێکاران و هەم فەرمانبەران گەلێ جار مانیان گرتووە، بەتایبەتی لەم ماوەیەی دواییدا، لەپای رەوشی ئێستای ئابووری و سیاسیی هەرێمەوە، هەروەها لەپای ئەو گرفتانەی کەوتە نێوان هەردوو حکوومەتی ناوەند و هەرێمەوە، سەرباری رەوشی ناوخۆی هەرێم.

زۆربەی مانگرتنەکان بەهۆی نەدانی مووچەی فەرمانبەران و دواکەوتنی خەرجکردنی شایستەی داراییانەوە بوو، لەوانە ئەو مانگرتنە بەردەوامەی لە ساڵی ٢٠١٤دا، هەروەها لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٥دا، دیسان لە سەرەتای ٢٠١٦ و ٢٠١٧ش کران، کە مامۆستایانی بواری پەروەردە و کارمەندانی زانکۆکان، درێژەیان پێ دان، کار گەیشتە ئەوەی لە پارێزگای سلێمانیدا دەرگای ٤٠٠ قوتابخانە بە رووی قوتابییاندا داخران.

هەروەها مانگرتنی فەرمانبەرانی فەرمانگەی ئاوەتەندروستیلەپارێزگای سلێمانی. هەرچەندە ئەو مانگرتنانە بۆ ماوەیەکی کاتی بوونە مایەی راگرتنی هەندێک دامودەزگای گشتی، بەڵام نەبوونە مایەی بەتەواوی راگرتنیان کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنن.

لەبەرئەوەی لایەنی حکوومەت بەرانبەر بەو مانگرتنانە بێ دەنگ بوو، بەدەم خواستی مانگرتووانیشەوە نەهات، ئیدی ئەمە عورفە رێسایەکی لێ کەوتەوە، کە فەرمانبەران مافی مانگرتنیان هەیە، بە مەرجێک بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی یاسا بن، کە لە یاسا و پەیماننامەی نێودەوڵەتی و دەستووردا چەسپیون، هەروەها بەپێی ئەو یاسا و رێنماییانەی ناوخۆش، کە لە چوارچێوەی یاسادا بە رەوا دەبیندرێن، پیادە بکرێت.

*** مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و یاسای کارگێڕی لە کۆلیژی یاسای زانکۆی ئیشک.**



# مەترسییەکانی ساختەکردنی دراو و حوکمی یاسا



عەبدوڵا شاخەوان
توێژەری یاریدەدەر

تاوانی ساختەکردنی دراو، یەکێکە لەو تاوانانەی کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنێت، بۆیە هەر لە یاسای سزادانی عێراق و وڵاتانی تریشدا لە بازنەی ئەو تاوانانە دانراوە کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنێت.

دراو (پارە) یەکێکە لە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی مامەڵەکردنی بازرگانی، بۆیە دەبێ متمانەیەکی تەواو بە دراوی دەوڵەت هەبێت لە کاتی مامەڵەکردن پێی، لەبەر ئەم گرینگی و رۆڵە سەرەکییەی بۆ دابینکردنی ئەم متمانەیە، لە هەموو وڵاتانی دنیادا دەسەڵاتی دەرکردن و دروستکردنی دراو تەنیا لەدەست دەوڵەتەکان وبەنکیە ناوەندییەکانی وڵاتاندایە، چونکە لەسکەدانی دراوەکان، پێویستی بە کۆمەڵێک رێکاری یاسایی و زانستی هەیە.

بۆیە لە کۆنەوە تاوانی ساختەکردنی دراو یەکێکە لەو تاوانانەی کە مەترسییەکی گەورەی هەیە و مەترسییەکەی راستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بە ناوبانگ و سەربەخۆیی دەوڵەتەکانەوە، چونکە تاوانێکی لەم شێوەیە دەستدرێژییە بۆ پێگەی دەوڵەتەکە لەنێو وڵاتانی تردا. لەبەر ئەم هۆکارە دەبینین لە زۆربەی یاسا کۆنەکاندا سزای زۆر توند بۆ ئەم تاوانە دانراوە. بۆ نموونە لە بەریتانیا ئەنجامدانی ئەم تاوانە بە (خیانەتی گەورە) لە قەڵەم دراوە. لەمبارەیەوە دەبینین گشت یاسا سزاییەکان ئەم تاوانەیان بە مەترسیدارترین تاوان هەژمار کردووە و بە هەمان شێوە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ بە تاوانی هەژمار کردووە و خستوویتیە پاڵ ئەو تاوانانەی کە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی دەگەیەنێت.

مەترسیی ئەم تاوانە خۆی لە چەند روویەکەوە دەبینێت:

ئەم تاوانە بەوە دادەنرێت کە دەستدرێژیکردنە بۆ سەروەری و سەربەخۆیی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی دەوڵەت لە چاپ و دەرکردنی دراودا، چونکە تاوانێکی لەم شێوەیە نائارامی پەیدا دەکات لە متمانەکردن بە دراوە فەرمییەکانی دەوڵەت و ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر دابەزینی بەها و نرخی دراوە فەرمییەکانی دەوڵەت کە لە بنەڕەتدا بە شێوەیەکی رەسمی مامەڵەی پێ دەکرێت.


مەترسییەکی دیکەی ئەم تاوانە ئەوەیە کە مەترسییەکەی درێژ دەبێتەوە و بازنەکەی فراوانتر دەبێت، ئەمەش وا دەکات خەڵکی بێ تاوانیش بگرێتەوە، چونکە ئەگەر دراوە ساختەکە لە دەستیاندا بێت، مامەڵەی پێ دەکەن لەرێگەی ئاڵوگۆڕکردن بەبێ ئەوەی هەست بەم شتە بکەن، ئەمەش وا دەکات بازنەی تاوانەکە فراوانتر بێت و ژمارەیەکی زۆری کەسی بێ تاوان بگرێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم تاوانە وا دەکات دەوڵەت سوود نەبینێت لەو قازانج و خێروبێرەی کە بۆی دەڕەخسێ لە کاتی دەرکردنی دراوەکاندا.

لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی متمانە بە دراوی نیشتمانیی دەوڵەتەکە لە ناوخۆ و دەرەوە، لەبەر ئەم هۆکارە گرنگ و مەترسیدارانەی کە دراونەتە پاڵ ئەم تاوانە، دەبینین یاسا سزاییەکان لە گشت دەوڵەتەکاندا ئەم تاوانەیان رادەبەدەر دەبینن لە پرەنسیپی هەرێمایەتی و لەبەرئەمە پسپۆرایەتیی تەماشاکردنی ئەم تاوانە دەدرێتە یاسای نیشتمانیی دەوڵەتەکە، واتا یاسای ئەو دەوڵەتەی کە دراوەکەی ساختە کراوە. ئەمەش بە لەبەرچاونەگرتنی شوێنی روودانی تاوانەکە و رەگەزنامەی تاوانبارەکە، ئەمانە هەمووی لەبەرئەوەی ئەم تاوانە زیانی گەیاندووە بە بەرژەوەندیی سەرەکی و بنچینەیی دەوڵەتەوە.



زۆربەی کات ئەو دەوڵەتانەی کە دراوەکانیان لە وڵاتێکی دیکە ساختە دەکرێت، متمانەیان بە گرینگیدانی دەوڵەتانی تر نییە کە لە هەمان کاتدا تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، ئەمەش برگەی (٣) مادەی (٩) یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ بەڕوونی ئاماژەی پێ کردووە.

# حوکمی لەسێدارەدان



شێنێ جەلال

ساڵانە لە ئاستی جیهاندا هەزاران کەس بەهۆی سزای لەسێدارەدانەوە لەلایەن دەسەڵاتەکان و دەزگا دادوەرییەکانیانەوە حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا جیبەجێ دەکرێت، یان بە شێوازێکی دیکە کۆتایی بە ژیانیان دەهێنرێت. بەڵام لەسێدارەدان بەپێی بڕیاری دەسەڵات و دەزگا دادوەرییەکان کوشتنی یاسایی مرۆڤەکانە و توندترین سزای تاوانبارە لە یاسای ئەو وڵاتانەی کە هێشتا بڕوایان بە چارەسەری کێشەکان لە رێگای کوشتنی مرۆڤەکانەوە هەیە. لێ ئەم پرسە لەنێو وڵاتانی جیهان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بەردەوام مشتومڕی لەسەرە و بەشێکیان زۆر لەگەڵیدان و بەشێکیشیان دژی دەوەستنەوە.

لایەنە خراپەکانی لەسێدارەدان:


١- ئەو کەسەی لەسێدارە دەدرێ لەوانەیە تاوانبار نەبێت.
٢- ئەو جۆرە سزایە کۆتایی هێنانە بە ژیانی مرۆڤێک کە تەنیا لە دەستی خوایە کۆتا بە ژیانی کەسەکان بێنی.
٣- ئەم جۆرە سزایە لەگەڵ سەردەمی ئێستەدا ناگونجێ، چونکە زۆر مامەڵەی تر هەیە کە لە رێگای ترەوە دەتوانرێ رێگری لە تاوان بکرێت.



لایەنە ئەرێنییەکانی لەسێدارەدان بەپێی بۆچوونی ئەو وڵاتانەی بڕوایان پێی هەیە:

١- وانەیەکە بۆ ئەوانی تر کە تاوان ئەنجام نەدەن.
٢- ئامرازێکە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت دووبارە تاوان ئەنجام بدەن.
٣- یاسای سزای لەسێدارەدان ئامرازە نەک ئامانج، بەکار دێ تا تاوانبار دووبارە تاوان ئەنجام نەدات.
٤- هەندێ دەسەڵاتی دیکتاتۆری وەک چەکێک بۆ سەرکوتکردنی ئازادیخوازان بەکاری دەهێنن.

لە کۆتاییدا بۆچوونی خۆم دەڵێم کە بەڕای من تەنیا لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا باشە ئەم جۆرە سزایە بسەپێنرێ، چونکە لەسێدارەدان مێژوویەکی رەشە بۆ ناوچاوانی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە سزاکە جیبەجێ دەکەن، چونکە ئەم سزایە کوشتنی ئەنقەستە و یاسایەکە دژی مرۆڤە، پێویستە دەسەڵاتی دادوەر سنووردار بکرێ لە بەکارهێنانی ئەم یاسایەدا.



# مێژووی قژی کورتی کچان لە سزاوە بۆ کەشخەیەتی



رێزان جەلال

تا هەزار ساڵ پێش زایین، لە یۆنانی کۆندا کەلتووریان وابوو ئەگەر پیاو پێش هاوسەرەکەی کۆچی دوایی بکات؛ دەبێت هاوسەرەکەی قژی ببڕێت و بیخاتە ژێر گڵەوە؛ ئەمەش وەکو رەمزێک کە ژنێتی خۆی لەگەڵ پیاوەکەدا بنێژێت.

بەدرێژایی مێژوو قژی درێژ سیمبولی ژنێتی و جوانی ژن بووە؛ بە پێچەوانەشەوە کورتکردنی هەمیشە کەمکردنەوە بووە لە شکۆی ژن و سزادانی. ئەم تێروانین و کلتورە تا سەدەی یازدە بەردەوام بوو؛ لەو سەدەیەدا رژان دارک کە ئافرەتێکی راهیبەی فەرەنسی ئەو کەلتورەی شکاند و وەک یەکەمین ئافرەت بە قژی کورتەوە دەرکەوت؛ بەڵام بە درێژایی چەند سەدەیەکیش قژکورتکردنەوە تەنها حاڵەت بووە و نەبووە بە دیاردە تا سەدەی بیستەم.

لە سەدەی بیستدا لە رۆژگاری جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤-١٩١٨ بەرە بەرە سەرەتای ئەم شۆرشە دەرکەوت دوای ئەوەی پەرستارە ئەمریکیەکانی ناو سوپا لەبەر پاک و خاوێنی و بۆ راپەراندنی کاری سەربازی ناچار قژیان کورت دەکردەوە.

بەدوایدا لە ساڵی ١٩٢٠ یەکەمین فرۆکەوانی فرۆکەوانی ئافرەتی جیهان ئێمیلیا ئیهارت وەک پاڵەوانێکی ئافرەت بە قژی کورتەوە دەرکەوت. هەروەها بەدرێژایی ساڵانی چلەکان و پەنجا و شەستەکان بەهۆی دەرکەوتنی ژمارەیەک ئافرەتی قژکورت وەکو ئەستێرەی سەماکار جۆزەفین بارکەر؛ و وێنەکێشی جیهانی فرێدا کاهلۆ و نمایشکاری بەناوبانگ میا فارۆ و ئەکتەری سەرکەوتوو ئاودری هیبورن دیاردەی قژکورتکرنی ژنان بە ئازایەتی و هاوچەرخی ناسێنرا کە تەعبیری لە ئازادی ئافرەت دەکرد. ئێستا ئەم دیاردەیە بە جۆرێک بۆتە ئاسایی و چەسپیوە کە خەڵکی بیر لەو خەباتە دوور و درێژەی ناکاتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و تا ئێستا بە پێی پێوەرەکان ئەگەر ئافرەتێک زۆر بڕوای بە جوانی و کەسایەتی خۆی نەبێت قژی کورت ناکاتەوە.



# بە خوێندن لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشك،



## گرنگیی خویندنی یاسا

بڕیارت بۆ خۆێندن لە کۆلێژ یاسای زانکۆی ئیشک لە داهاتوو، بڕیارێکی دروست و گرنگە و کاریگەرە لەسەر ژیانت لە ئایندەدا، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- یاسا زانست وهونەری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ژیانە لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە لە ساتی لەدایکبوونی مرۆڤ تاکوو مردنی یاسا هەموو هەڵسوکەوتەکانی ڕێکخستووە، هەروەها پارێزەری مافەکانە و سزای هەموو ئەو کەسانە دەدات کەوا زیان بە مافی ئەوانی تر دەگەیەنن. هەروەها ئەوا یاساشە کاری بزنس و بازرگانی و بازاری کار وچۆنیەتیی دامەزراندنی کۆمپانیاکان و ڕێکخستنی بۆرسەکان وهەرياساشە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان ڕێک دەخات جا چ لە کاتی ئاشتی بێت یان لە کاتی جەنگ.

٢- بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی لە بواری یاسا بە هەنگاوێکی جۆری زیرەکانە دادەنرێت، لەبەر ئەوەی هەیبەت وپێگەی خۆی دەسەپێنیت لە کۆمەڵگا، وپیشەیەک دەستەبەر دەکات کەوا زۆرجاران داهاتێکی باشی لەگەڵە. چونکە زنجیرەیەکی تەواوی پیشە چاوەڕێ دەرچووی یاسا دەکات، ولەو پیشانە کارکردن لە دادگاکان وممارسەی پیشەی پارێزەرایەتی یان کارکردن لە بەڕێبوارەیەتیە یاساییەکانی حکومەت، یان کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان، یان کارکردن لە بواری کۆمەڵی مەدەنی.. هتد.

٣- یاسا و چالاکییە یاساییەکان بەردی بناغەی هەر پێشکەوتنێکن، ئەمەش مانای وایەبەشداربوونلەبەرەوپێشچوونی کۆمەڵگالەڕێگەیپیشەیەکییاساییەوە دەبێت. بۆیە دەگێڕنەوە کەوا (لویسی دوازدەهەم)پادشایفەڕەنساهەمیشە دووبارەیدەکردەوە: «ئەگەرپادشا نەبوومایە حەزم دەکرد پارێزەر بوومایە«.

٤- خۆێندنی یاسا زۆر کاریگەر دەبێت لەسەر کەسایەتیی مرۆڤ و وای لێ دەکات زیاتر واقیعی بێت، چونکە لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنیخۆێندنییاسادادەست دەکەیت گۆڕانکاریی ڕاستەقینە ڕووی داوە لە ئاراستەکەت، چونکە خۆێندنی یاسا وزەی بیرکردنەوە و هێزی هەڵسەنگاندن و توانای شیکردنەوە باشتر دەکات.

## بۆچی کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشك

١- کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئیشک لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە و یەکەم وەجبەی دەرچووانی بەکالۆریۆسی بەشی یاسا ساڵی ٢٠١٤ بوو و لەم ساڵەی خۆێندندا (٢٠١٧-٢٠١٨) خۆێندنی باڵا (ماستەر) کراوەتەوە لە هەردوو پسپۆڕیی: یاسای گشتی و یاسای تایبەتی.

٢- زانکۆی ئیشک ناوبانگێکی زانستیی بەرزی هەیە و یەکێکە لە زانکۆ پێشەنگەکان لەسەر ئاستی جیهان، خاوەن پلەی بەرزە لەنێو پۆلینی زانکۆکان، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یان لەسەر ئاستی دەرەوە و کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئیشک بە کوالیتیی بەرز وستافێکی ئەکادیمیی خاوەن ئەزموون ولێهاتووهۆڵی شایستە وئامێری



تەکنەلۆژیی پێشکەوتوو و ناسراوە.

٣- لە کۆتاییشدا، بە هەڵبژاردنی خۆێندنی یاسا لە زانکۆی ئیشک تۆ دەبیتە دروستکەری ئایندە، چونکە دروشممان ئەمەیە: (داهاتوو لێرەیە).

٤- کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئیشک ساڵانە کۆنفرانسێکی زانستیی نێودەوڵەتیی ئەکادیمیدەبەستێت بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران و مامۆستایانی زانکۆیی لە زۆرینەی زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان وعێراق و دەرەوەی عێراق، کەوا توێژینەوەی زانستی بە زمانەکانی کوردی وعەرەبیوئینگلیزییتێیداپێشکەش دەکرێت لە بوارەکانی زانستی یاسا و زانستە سیاسییەکان و زانستە ئیسلامییەکان، لەمساڵدابڕیارەسێیەمکۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پرسە یاساییەکان (ILIC2018) لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٥/١٠ ئەنجام بدات بۆ زیاتر لە (١٠٠) توێژینەوەی جواروجۆر.

٤- مامۆستایانی کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئیشک خاوەن نازناوی زانستیی بەرزن و هەندێکیان جگە لە شارەزاییزانستی لە بواری موحازەرە وتنەوەدا ئەزموونی کرداریيشیان هەیە.

٤- کۆلێژییاسایزانکۆی ئیشک (وەکوو هەموو کۆلێژەکانی تری زانکۆ) بۆ فێرخوازانی زۆر بوار دەڕەخسێنیت بۆ بەشداربوون لە خولی بەهێزکردن لە بواری زمانەکان و تەکنەلۆژیا، هەروەها بواریش دەڕەخسێنیت بۆ فیرخوازانی بۆ بەشداربوون لە چالاکیی وەرزشی و موسیقا... هتد.

٦- دیوارنامەی (شایان) لە کۆلێژی یاسایزانکۆیئیشک (ئەوەیئێستا لەبەردەستدایە) بڵاودەکرێتەوە کەوا لەلایەن میدیاکاری بەڕێز (هێرۆ اسماعیل عارف) فێرخوازی قۆناغی سێیەمی بەشی یاسا سەرپەرشتی دەکرێت وچەندین بابەتی بەپێزی یاسایی و گشتی لەخۆ دەگرێت و تاکو ئێستا (٧) حەوت ژمارەی لێ چاپ کراوە.

٧- کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک بوار دەڕەخسێنیت بۆ فێرخوازانی تاکو سوودمەند بنلەهەموئامرازە گونجاوەکانی وەرگرتنی زانست لەلایەن مامۆستاکانیەوە ئەویش لەڕێگەی ئامادەکردنی هۆڵەکانی خۆێندن بە ئامێری کۆمپیوتەر و داتاشۆ


شایان
کۆلێژی یاسا
کۆلێژی یاسا ڕێز لە قوتابییە یەکەمەکانی دەگرێت
سەروتار
بۆچی (قۆپی) دەکرێت لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا؟
کۆڕ و سیمینارەکانی کۆلێژی یاسا
دادگایەکی گریمانەیی
بەخێرهێنانی قوتابیان قۆناغی یەکەم







# داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ خۆت هەڵبژێرە




و محازره وتنەوە لەڕێگای بەرنامەی پاوەرپۆێنتەوە.

٨- لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک هۆڵێکی ئامادەکراو بە هەموو پێداویستییەکانیەوە بۆ ئەوەی نزیک بێت لە هۆڵی دادگا و ناو نراوە بە (هۆڵی دادگای گریمانەیی) بۆ ناساندنی فیرخوازان بە ڕێوشوێنەکانی دادگایی و چۆنیەتیی دادبینی لە دادگایەکی ڕاستەقینە، ئەمەش بۆ بەستنەوەی زانیارییە تیۆرییەکان بە زانیاریی کرداری.



٩- کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک هەفتانە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی سمینارو ۆرکشۆپ و چالاکیی زانستی لە بواری جۆراوجۆری یاسا و سیاسەت و شەریعەت.

١٠- کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لە دیبەیتی ئەکادیمی ساڵی ٢٠١٧ کەوا ئەنجام درا لە نێوان فێرخوازانی کۆلێژەکانی یاسای زانکۆکانی: سەلاحەددین و لوبنانی فەڕەنسی و ئیشک.




١١- کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک سەردانی مەیدانیی ڕێک دەخات بۆ فێرخوازانی بۆ ئەوەی لە ڕووی کردارییەوە ئاگاداری چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی یاسا بن لە کۆمەڵگا وفێری هونەر وزانستی یاسا بن لە ڕووی کردارییەوە، وەکوو سەردانیکردنی پەرلەمان و دادگاکان و شوێنی چاکسازیی گەوران و هەرزەکاران و... هتد.

١٢- کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک بانگهێشتی دادوەر و لێکۆلەر و شارەزایانی بواری زانستی لێکۆلینەوە و یاسای تاوانکاری (خۆمالی و بیانی) دەکات بۆ نێو حەرەمی زانکۆ تا فێرخوازانی کۆلێژی یاسا سوودمەند بن لە ڕێگەی کردنەوەی خول و بەستنی سیمیناری زانستیی دەوری.

١٣- زانکۆی ئیشک لە پلەی یەکەمدایە لە ڕێزبەندی زانکۆکاندا.

١٤- زانکۆی ئیشک ئەم ڕێکەوتننامە زانستییانەی خوارەوەی هەیە لەگەڵ ئەم زانکۆیانە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان:



Albania
Beder University

Azerbaijan
Qafqaz University

Bosnia and Herzegovina
International Burch University
Cambodia
Zaman University

Chile
University Adolfo Ibanez

Cyprus-Northern
The European University of Lefke

Georgia
International Black Sea University

Germany
University of Potsdam
Technische Universitat Bergakademie Freiberg
Aachen Dental Laser Center

Iraq
Erbil Polytechnic University
Kurdistan Hawler University
Hawler Medical University-Kurdistan
Salahaddin University
Kerkuk University
Sulaimani Polytechnic University

Kazakhstan
Suleyman Demirel University

Malaysia
Universiti Malaysia Pahang
University Sains Malaysia
University Selangor (UNISEL)
Universiti Teknologi Malaysia (UTM)

Nigeria
Nigerian Turkish Nile University

Pakistan
Indus University
ShifaTameer-Milliat University
Foundation University
University of Lahore
Abasyne University
Dow University of Health Science
Pakistan Institute of Engineering and Applied Science
Sindh Agricultur University
Sarhad University of Science and Information Technology
COMSATS Institute of Information Technology

Poland
Vistula University
University of Szczecin

Sri Lanka
University of Kelaniya


U.k.
Leicester University

USA
University California
Saint Vincent Collage
King's College
University of the Incarnate Word
North American University
Michigan State University

INSTITUTIONS
C.U.A.M University Foundation
AJG Ingenieure GmbH, Consulating Engineers – Germany
Sprach Academy – Germany
Arab Institute for Training, Consulting, and Arbitration – Iraq
AT Group Company – Iraq
Burch Education – Iraq
Kurdistan save Children – Iraq
Together to Protect Human & the Environment Association – Iraq
Association of Arab Universities – Jordan
Society of Turkish American Scholars – USA
Global Engineering Deans Council – USA







## ئاستەنگە یاساییەکانی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان چیین؟

# بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتی لە ریفراندۆم کرد؟

**دیمانە: چۆمان تەقیێدین**

د. پێشڕەو حەمەجان، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و مامۆستا لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی، لەم دیمانە تایبەتەدا، باس لە ریفراندۆمی خەڵکی کوردستانی باشوور و ئەگەر و تەگەرەکانی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە روانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە دەکات.

**شایان: ئایا هەرێمی کوردستان لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە ئەتوانێت سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت؟**

د. پێشڕەو حەمەجان: لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە نەک هەرێمی کوردستان بەڵکوو هەر گەلێکی نیشتەجێی سەر هەرێمێکی دیاریکراو کە دەسەڵاتێکی سیاسی بەڕێوەی دەبات، پشت بەست بە پرەنسیپێکی یاسای نێودەوڵەتی وەک مافی چارەی خۆنوسین مافی خۆیەتی بڕیار بدات لەسەر سەربەخۆیی. ئەگەر بنەما یاسایی و ئابوری و سیاسییەکانی تیا بەرجەستە بووبێت.

**شایان: ئایا لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە ڕێگری هەیە لەبەردەم سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان؟ بۆچی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕەتی کردووە سەرپەرشتیی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بکات؟**

د. پێشڕەو حەمەجان: تەنیا ئامادەبوونی بنەما یاساییە نێودەوڵەتیەکانی دروستبوونی دەوڵەت نابێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت، بەڵکوو پێویستە ڕەچاوی بنەما سیاسی و ئابورییەکان و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش بکرێت، هەر بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کە خۆی بە پارێزەری ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەزانێت، بە کۆی دەنگی ١٥ ئەندامەکەی لە ڕاگەیانراوێکدا ناڕەزایی خۆیی و پەسەند نەکردنی ئەنجامدانی ریفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان دەربڕی لەبەر چەند هۆکارێک گرنگترینیان:

یەک/ پێیان وابوو ریفراندۆمەکەی هەرێم تاک لایەنەیە، چونکە دەوڵەتی دایک (عێراق)ی لەگەڵدا نییە.

دوو/پێیان وابوو ئاشتی و ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە دەکەوێتە بەر مەترسی، بەتایبەت بەهۆی هەڕەشەی هاوبەشی هەر سێ دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق بە سەپاندنی سزا و گەمارۆ و دەستتێوەردانی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان.

سێ/پێیان وابوو ئەم ریفراندۆمە هەوڵە نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لاواز دەکات بەتایبەت لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگە لایەنێکی گرنگی ئەم ڕووبەڕوونەوەیە بوو.

چوار/بەرژەوەندیی دەوڵەتانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەت ئەندامە هەمیشەییەکان لەوکات وای دەخواست کە پشتگیریی خۆیان دەرببڕن بۆ پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی عێراق.

**شایان: هەرێمی کوردستان هەرسێ ڕەگەز مەرجی بەدەوڵەتبوون(هەرێم -خاك -، سەروەری، دانیشتوان)ی تێدایە، بۆچی ڕێگری لەلایەن حکوومەتی عێراقی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ دروست کرا؟**

د. پێشڕەو حەمەجان ڕەگەزە سەرەکییە پێویستەکانی دروستبوونی دەوڵەت لەڕووی یاساییەوە (گەل، هەرێم، دەسەڵاتی سیاسی)ین، بەڵام پێم وایە هەندێ بابەتی گرنگی تریش هەن بۆ دروستبوونی دەوڵەت، وەک بوونی ئابورییەکی سەربەخۆی دامەزراو و بەهێز، پەیوەندی و بەرژەوەندیی سیاسیی نێودەوڵەتی، دروستکردنی لۆبی لەسەر بڕیاری سیاسیی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، یەکخستنی ڕای زۆرینەی دانیشتوان و پارتە سیاسییەکانی ناوخۆ بە ئاڕاستەی پشتگیریی سەربەخۆیی، ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە لێی جیا دەبێتەوە تا بەشێوەیەکی ئاشتی پرۆسەکە ئەنجام بدرێت. سەرەڕای هەموو ئەمانە من تێبینیم هەیە لەسەر بەرجەستەبوونی ڕەگەزە سەرەکییەکانی وەک گەل و هەرێم و دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئێمە تا ئێستا ئامارێکی دروستی جێ متمانەی دانیشتوانی هەرێممان نییە تا بزانین گەلەکەمان کێ دەگرێتەوە، سنوری هەرێمی کوردستان دیاریکراو نییە، ئەمەش یەکێک بوو لە کێشە سەرەکییەکانمان لەگەڵ بەغدا بەتایبەت سەبارەت بە کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆیە هەرێمێکی دیاریکراویشمان نییە، تەنانەت دەسەڵاتە سیاسییەکەش تێوە گلابوو بە چەندین قەیرانی سیاسی و پەرلەمانی و کێشەی ناوخۆی و ناکۆکییەوە.


**شایان: بۆچی هەرێمی کەتەلۆنیاش وەکوو هەرێمی کوردستان ڕێگریی لە سەربەخۆییبوونی کرا؟**

د.پێشڕەو حەمەجان: چەندین هۆکار هەبوو بۆ شکستهێنانی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا، لە گرنگترینیان کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی نەبوو لەسەر هەردوو ئاستی نوخبە و هاووڵاتیانی هەرێمی کەتەلۆنیا، ترسێکیش هەبوو لە چارەنووسی کەتەلۆنیا بە ئاڕاستەی دوورکەوتنەوەی لە یەکێتیی ئەوروپا و ناوچەی یۆرۆ، ریفراندۆمێکی تاکلایەنە بوو کە لەبەرامبەردا حکوومەتی ئیسپانیا لەبەر هەندێ هۆکاری یاسایی و دەستوری و ئابووری و سیاسی و وەبەرهێنان و جوگرافی بەتەواوی دژایەتیی سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیای دەکرد، هەروەها ململانێکانی نێوان کەتەلۆنیا و حکوومەتی ئیسپانیا بەرەو هەڵکشان و تەنگژەی زیاتر دەچوو، تەنانەت ڕای گشتیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەت یەکێتیی ئەوروپا و ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا پشتیان کردە ئەم پرۆسەیە.

**شایان: ئەی بۆچی لە هەرێمی تەیموری خۆرهەڵات و باشووری سودان ریفراندۆم لەژێر سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگەتووەکان ئەنجام درا و دواتر سەربەخۆییان ڕاگەیاند؟**

د.پێشڕەو حەمەجان: بەپێی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین و وەک عورفێکی نێودەوڵەتی، بەرجەستەبوونی بنەما یاساییەکانی دەوڵەت لە هەر گەل و هەرێمێکدا و لەناویشیاندا کوردستان و کەتەلۆنیا، مافی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت بۆ ئەو گەل و هەرێمە دەستەبەر دەبێت، بەڵام دەبێ ئەوەمان لا ڕوون بێت کە ئێستا بەهۆی زیادبوونی





د. پێشڕەو حەمەجان

کێشە نێودەوڵەتییەکان تێڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبارەی لەبەریەک یەکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتان و سەربەخۆبوونی هەرێمی نوێدا نین کە قەیرانی زیاتر بەدوایدا خۆیدا بهێنێت، بەتایبەت کاتێک هەوڵی سەربەخۆییەکە یەک لایەنە بێت و دەوڵەتی ناوەند (دەوڵەتی دایک) پشتگیریی نەکات. سەبارەت بە ئامادەنەبوونی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ریفراندۆمەکانی هەرێمی کوردستان و کەتەلۆنیا، دەبێ ئەوەمان لاڕوون بێت کە بەپێی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارە چارەنووسازەکانی کە پەیوەندیدارە بە داهاتووی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە دەبێ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەربچێت بە دەنگی زۆرینە و لەناویشیاندا دەنگی ٥ ئەندامە هەمیشەییەکە و بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە نە ئەمریکا و نە یەکێتی ئەوروپا ئامادەییان نەبوو بۆ پشتگیریی سەربەخۆیی لە کوردستان و کەتەلۆنیا.

**شایان: هەرێمی کوردستان ئەنجامی ریفراندۆمی سڕ کرد، ئایا دەکرێت لە بارودۆخێکی تردا، دووبارە کار بە ئەنجامی ریفراندۆم بکات؟**

د.پێشڕەو حەمەجان: ئەنجامی ریفراندۆم دەنگی ڕاستەوخۆی گەل بوو بۆ پرسێکی یاسایی و مێژوویی وەک پرسی سەربەخۆیی کوردستان، بۆیە سڕکردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکە لەلایەن هەرێمی کوردستان یان هەڵوەشانەوەی ئەنجامەکەی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، تەنیا کارێکی ڕۆتینی و خۆڕازیکردنی خۆیان و خۆڵکردنە چاوی یەکتر بوو، ئەویش لەبەر نەبوونی پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامی ریفراندۆمەکە لەلایەک و لەبەر ڕێککەوتنی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ بۆ تێپەڕاندنی قەیرانە سیاسی و داراییەکانی نێوانیان، بەڵام سەربەخۆیی کوردستان پرسێکی زیندووە لە بیری تاک بە تاکی کوردەکان، وەک چۆن گەل دەنگی دا بە سەربەخۆی هەر خۆشی مافی هەڵوەشانەوەی هەیە، چونکە سەربەخۆیی مافی گەلە و هەر گەل بڕیار دەدات بۆ بەدەستهێنانی و هەر گەل خۆشی سڕی دەکات یان هەڵی دەوەشێنێتەوە، بۆیە هەرکات بارودۆخی لەبار و نزیک هاتە پێش ئاساییە کە پشت بەو ئەنجامە ببەسترێت وەک پاڵپشتییەکی یاسایی و مێژووی بۆ داوای ڕەوای خەڵک و و کارێکی یاسایی و ئاساییە کە پرۆسەکە چەندبارەش بکرێتەوە لە داهاتوویەکی دووردا ئەگەر پێویست بوو.

**شایان: بەڵام دادگای فیدراڵیی عێراقییش ئەنجامی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوە؟**

د.پێشڕەو حەمەجان هەرچەندە بڕیاری نادەستووری بوونی ریفراندۆم و هەڵوەشانەوەی ئەنجام و کاریگەرییەکانی لە لایەن دادگای فیدراڵی باڵای عێراق لەلایەن دەسەڵاتێکی یاسایی دەرچووە و پشتی بەستووە بە دەستوور بۆ دەرکردنی بڕیارەکەی بەڵام دوو تێبینیم هەیە:


یەک/ پرسی سەربەخۆیی پشت دەبەستێت بە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین کە ئەم پرنسیپەش لە یاسای نێودەوڵەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک ئاشکراشە یاسای نێودەوڵەتیی باڵایی و لەپێشینەیی هەیە بەسەر یاسا نیشتمانییەکان و حوکمی دادگا ناوخۆییەکان بەتایبەت ئەگەر ئەو مافە پەیوەندیی بە چارەنووسی گەلێکەوە هەبێت.بۆیە پرسێکی ڕەوای وەک سەربەخۆیی لەسەرووی حوکمی دادگایەکی ناوخۆییەوەیە.

دوو/بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی باڵای عێراق جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە لە دەستوری عێراقدا هاتووە جێبەجێکردنی ئەم دەستورە زامنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، بۆیە دەپرسین ئەگەر لە عێراقدا دەستور جێبەجێ نەکرێت و دانیشتوانی کوردستان مافە دەستورییەکانیان بۆ دەستەبەر نەکرێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا، ئەوا چ مانایەک بۆ یەکپارچەیی دەمێنێتەوە؟ ئەوە مانای سەربەخۆیی ناگەیەنێت؟ ئەوا جگە لە دەستبردن بۆ پرسی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی ئاشتییانە و لە چوارچێوەی ریفراندۆمدا، هەرێمی کوردستان چی بکات؟

---

# سەیرترین دۆسیەکانی قەرەبووکردنەوە لە دادگاکاندا




- ساڵی ١٩٩٢ زنجیرە خواردنگەکانی ماکدۆناڵد، یەک ملیۆن دۆلاریان بە خاتوو (ستیلا لیبیک) بەخشی، لەپای ئەوەی لە یەکێک لە خواردنگەکانیاندا کوپێک قاوەی گەرم بە رانیدا رژاوە و ئازارێکی زۆری جەستەیی و دەروونیی بۆ دروست کردووە.

- کۆمپانیای فڕۆکەوانیی ئەمریکا ئایرلاینز بڕی دوو ملیۆن دۆلاری وەک قەرەبوو دا بە چەند سەرنشینێکی یەکێک لە فڕۆکەکانیان، بەهۆی ئەوەی فڕۆکەکە لە گەشتی نێوان لۆس ئەنجلس و نیۆیۆرکدا بۆ ماوەی ٢٨ چرکە تووشی گیرفانە هەواییەکان بووە و فڕۆکەکە لەرزیوە و ئەوەش ترس و تۆقاندنی زۆری لای ئەو سەرنشینانە دروست کردووە.

- تاوانبارێک کە چەندین تاوانی دەستدرێژیی ئەنجام دابوو، دوای ئەوەی پۆلیس دوای دەکەوێ دوو شەو و دوو رۆژ لە دارستانێکدا خۆی حەشار دەدا، سەیر لەوەدایە ئەو پیاوە پاش ئەوەی دەستگیر کرا سکاڵای قەرەبووکردنەوەی لە دژی پۆلیس بەرز کردەوە، لەپای ئەوەی درەنگ دۆزیویانەتەوە و لەو دارستانەدا مێرووی مەترسیدار و زیانبەخش پێوەیان داوە و تووشی ئازارێکی زۆریان کردووە.

- ژنێکی ئەمریکیی دانیشتووی نیۆیۆرک داوای ١٠ ملیۆن دۆلار قەرەبوو لە بەرپرسانی کەناراوی مسیرنا دەکات، لەپای ئەوەی هەورە برووسکە لێی داوە و بەشێک لە جەستەی سووتاوە، ئەو ژنە لە سکاڵاکەیدا دەڵێ: دەبوو بەرپرسانی ئەو کەناراوە لە ڕوودانی ئەو هەورە برووسکەیە ئاگاداریان بکردمایەتەوە، بەر لە ڕوودانی.

---

# ژیانت ئاوها خۆشتر دەبێ



- ئەگەر کەسێک بە تووڕەیی ئامۆژگاریی کردیت، قسەکانی پێ مەبڕە، بەڵکوو سوود لە سەرنج و تێبینییەکانی وەربگرە، چونکە لەپشت تووڕەبوونەکەیەوە خۆشەویستییەکی مەزن هەیە، نابێ تۆ وەک ئەو کەسانە بیت کە کاتێ زەنگی بەخەبەرهێنانەوەی کاتژمێرەکەی لێی دەدا، هەڵدەستێ کاتژمێرەکە دەشکێنێت.

- هەر شتێک کە زیاد دەبێ، بەهای دادەبەزێت جگە لە عەقڵ، کە هەرچەندە زیاد بوو بەهای بەرز دەبێتەوە.

- کاتێ دیرە کە دەهاوێژیت و ئامانجەکەت ناپێکیت، بیرلەوە مەکەرەوە کە هۆکاری نەپێکانەکەت چی بوو، بەڵکوو دەمودەست تیرێکی دیکە بخە سەر کەوانەکەت و بیر لەوە بکەوە کە چۆن ئامانجەکەت دەپێکیت.

- لووتکەی ئارامی گرتن ئەوەیە کە خۆت بێدەنگ بیت و برینی دڵت قسە بکات، لووتکەی بەهێزییش ئەوەیە کە پێبکەنیت و لە چاوانتدا هەزاران دڵۆپە فرمێسک قەتیس مابێ.

# لە پێشمەرگەیەکەوە




**جوامێر سەرباز**
قۆناغی چوارەمی بەشی یاسا

لەو ساتەوەی کورد خۆی ناسیوە، لە هەموو لایەکەوە دژایەتی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی هەموان دەزانن دژایەتیکردنی کورد وەک کوتینی ئاسنی ساردە و کورد بەوان ناڕووخێت.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گەنجێکی خاوەن باوەڕی پێشمەرگایەتی و خاکپارێزی لە کوردستانی باشوور دەجەنگێت و دایکێکی لە ماڵەوە جێ هێشتووە، کە چرکە بە چرکە چاوەڕێی گەڕانەوەی شێرە کوڕە پێشمەرگەکەیەتی، دایکێکی تری پێشمەرگە چاوەڕێی جەستەی گەرمی کوڕە شەهیدکراوەکەیەتی کە نە خوێندەوارە و نە دەتوانێت بنووسێت بە تاوانی (تێکدەری) شەهید کراوە، گوللەباران کراوە لە شەقامێکی نیشتمانی پێشمەرگە. دایکێکی تری نیشتمانی پێشمەرگە خۆی و کوڕە بچووکەکەی ئامادە کردووە بچن بۆ شاخ بۆ چارەسەرکردنی زامدارانی پێشمەرگە.


دایکێکی تر منداڵە بچووکەکانی لەباوەش دەگرێت و ڕادەکات تا گازە خنکێنەرەکانی بە بۆنی سێو کۆمەڵکوژیان نەکات، سێو لە دنیا بۆ خۆشەویستی و ئارامبەخشی بەکار دێت، کەچی بۆ وڵاتی پێشمەرگە بۆ کۆمەڵکوژی و سڕینەوە و شکاندنی ئیرادەی نەتەوەیەک بەکار دێت. دایکانمان لە نەوەتەکان ویستیان ئەم بێ ویژدانییە ڕاگرن، ڕاپەڕینیان بونیات نا لە دوژمنێک ڕزگارمان بوو، بێئاگا لەوەی ئێمەی کورد سەدان و هەزارانی تر دوژمنمان بۆ پەیدا دەبێ. هۆ وڵاتان، هۆ ئەوانەی مافی ئازادی بە نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆنی بە ڕەوا نازانن، ئێمەش میللەتێکین میللەت.

لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەیەش دایکانی پێشمەرگە، دووبارە و دەبارە جەرگسووتاو کرانەوە، بەڵام ئەم جارە جیاوازتر و دڕندانەتر، شەهیدێکی وەک شەهید هوجام سەلماندی کە پێشمەرگە چەندە ئازا و بەجەرگە، نە لە تیغی دوژمن نە لە هەڕەشەی ناترسن، هەرچەند بە دیلگرتنی پێشمەرگەیەک لای تیرۆریستانی واتای دەستگرتنیانە بەسەر جیهاندا، بەڵام ئەوان خەیاڵیان خاوە چونکە خاون ورەی پێشمەرگە نە بە ئەوان و نە بە هیچ هێزێکی تر ناڕووخێت، ئێمە کوردستانین کوردستانی، بڕۆن مێژوومان بخوێننەوە ئینجا بەربەرەکانیمان لەگەڵ بکەن.



پێشمەرگەی وڵاتم یەک ئامانج و یەک هیوای هەیە، ئەویش گەیشتنە بە ئامانجی سەربەخۆیی، بەڵام زۆربەداخەوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە زۆر بێباکانە دوای شەڕی داعش پێشمەرگەیان پشتگوێ خست، بۆیە ئێمەی کورد دەبێت لەوە دڵنیا بینەوە جگە لە نیشتمانپەروەرانی کورد، کەسی تر خەمخۆرمان نییە.

# پێنج لە گرانبەهاترین خشڵ لە جیهاندا



**گۆران شێرزاد**

زۆرترین کەس کە گرنگی بە خشڵ دەدەن، ئافرەتانن کە ئەویش بە جیاوازیی هەموو چینەکانی کۆمەڵگە، هەیانە تەنها گرنگی بە زێڕ دەدات و هەیانە بەو زێڕانەی کە بەردی پیرۆزی لە ناوە و هەیانە گرنگی بە ئەڵماس دەدات. بەمەش ئەڵماس بەرزترین و گەورەترین نرخی هەیە، بە پێی پلەیش لە قەبارە و ڕەنگ و بریقەدارییەکەی، پێنج جۆر لەو خشڵانە باس دەکەین کە نموونەی جوانی و سیحراوین کە هەندێکیان هۆکاری بەرزی نرخەکەیان بۆ مێژووەکەی دەگەڕێتەوە.

١-ئەڵماسی ویتیلسباک Wittelsbach Graff



نرخەکەی ٨٠ ملیۆن دۆلارە. ئەم ئەڵماسە بەوە جیا دەکرێتەوە کە خاوەنی مێژوویەکی زۆرە و لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی (گولکوندا)ی هیندی. بەڵام مەلیکی ئیسپانیا (فیلیپی چوارەم) هەڵسا بە کڕینی ئەم ئەڵماسە وەک دیارییەک بۆ هاوسەرگیریی کچەکەی، دواتر گواسترایەوە بۆ خێزانی (هابسبورگ) لە نەمسا و پاشان بۆ خێزانی (ویتیلسباک) لە (بافاریا). لە ساڵی ٢٠٠٨ (لۆرانس گراف) هەڵسا بە کڕینی ئەم ئەڵماسە بەرامبەر بە ٢٣,٤ ملیۆن دۆلار کە لەو ماوەیەدا زیاتر کاریان لەسەر کرد بۆ جوانترکردن و چاککردنی، بۆیە بەهاکەی بەرز بووەوە و ناوی نرا ئەڵماسی (ویتیلسباک گراف). لە ساڵی ٢٠١١دا هەڵسا بە فرۆشتنی بۆ یەکێک لە خێزانی حاکمی قەتەر بەرامبەر ٨٠ ملیۆن دۆلار، بەمەش بووە گرانترین جۆری ئەڵماس لە جیهاندا.

٢-ئەنگوستیلەی ئەستێرەی ئەڵماسی پەمەیی
Pink Star Diamond




نرخەکەی ٧٢ ملیۆن دۆلارە. ئەم ئەڵماسە لە ڕیزبەندی یەکەمی جیهان بوو تا ساڵی ٢٠١٣، پێکهاتووە لە ئەنگوستیلەیەک کە پڕ کراوە لە بەردی ئەڵماسی، ڕەنگی پەمەییە و لە ئەفریقا لە ساڵی ١٩٩٩بەرهەم هێنراوە. بە بۆچوونی هەندێ لە شارەزایان، هیچ پارچەیەک وەک ئەم ئەڵماسە نییە لە هەموو جیهان و کەسانێک بڕوایان وایە ئەم ئەنگوستیلەیە فرۆشراوە بە بڕی ٨٣ ملیۆن دۆلار لە زیادکردنێکی ئاشکرا لە ساڵی ٢٠١٣دا، بەڵام ئەوەی کە ڕووی دا ئەوەبوو کە کڕیارەکە (ئیسحاق وولف) بەڵێنەکەی نەبردە سەر بۆ دانی پارەی ئەڵماسەکە، بۆیە گەڕێنرایەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام لە کاتێکی تردا ئەم ئەنگوستیلەیە نرخەکەی دیاری کرا بە ٧٢ ملیۆن دۆلار.

٣-ملوانکەی ئەڵماسی ناشاراوە
L›incomparable Diamond Necklace



ئەم ملوانکەیە گرانترین ملوانکەی جیهانە کە لە وڵاتی سەنگافورە بە بڕی ٥٥ ملیۆن دۆلار فرۆشرا، لە ساڵی ٢٠١٣ ئەم ئەڵماسە لە لایەن کچێکی بچووک لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی پێش ٣٠ ساڵ دۆزراوەتەوە کە قەبارەکەی لە هێلکەیەک بچووکترە.

٤-ئەنگوستیلەی گرافی پەمەیی لە ئەڵماس
The Graff Pink Diamond Ring




نرخەکەی ٤٦,٢ ملیۆن دۆلارە، ئەم ئەنگوستیلەیە لە پلاتین دروست کراوە، سەرەکەی لە ئەڵماسێکی پەمەیی قەبارە لاکێشەیی جوان کراوە کە پێشتر خاوەنی ئەم ئەڵماسە هاری ویستۆن بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠دا لە زیادکردنێکی ئاشکرادا فرۆشتی بە لۆرانس گراف بەرامبەر بە ٤٦,٢ ملیۆن دۆلار.

٥-ئەڵماسی زوی The Zoe Diamond



نرخەکەی ٣٢,٦ ملیۆن دۆلارە، لە ساڵی ٢٠١٤دا لەگەڵ کۆمەڵێک خشڵ و زێڕ نمایش کرا لە لایەن ڕاشێڵ میلۆن لە زیادکردنێکی ئاشکرادا کە لەلایەن (سوتبای)وە ڕێکخرابوو، ئەڵماسی زوی لە نێو خشڵەکان جوانترینیان بوو کە زۆربەی تەماشەڤانان ئارەزووی لەبەرکردنیان دەکرد، بۆیە ئەڵماسی زوی پۆلین کرا کە ئەڵماسێکی شینە و بەهاکەی بە ١٥ ملیۆن دۆلار نرخێنرا، بەڵام خەڵکەکە تووشی شۆک بوون کاتێک بینییان بە بڕی ٣٢,٦ ملیۆن دۆلار بە فرۆشیارێکی نادیار فرۆشرا.

# دایە قازێکت بۆ دێنیتەوە!



بە پێنووسی کۆنە قازێك

مامە زەمەنها گەییە
گەییە، بەعد شوەییە
گایبە لەعەب وە حەگات
لیو لیو
گایبە مەعاها شەنطە
فییها، وززە و بە طە
بتئوول:
وەق وەق واق

ئەمەی سەرەوە یەکێک لە خۆشترین ئەو گۆرانییانە بوو، کە لە سەردەمی تەلەڤزیۆنی ڕەش و سپیدا هونەرمەندی دەنگخۆشی میسری (محەمەد فەوزی) بە شێوەزاری عەرەبیی میسری بۆ منداڵانی چڕی، تا کۆتایی هەشتاکانیش تەلەڤزیۆنی بەغدا بە بەردەوامی ئێواران لە پرۆگرامی منداڵاندا ئەم گۆرانییەی پەخش دەکرد، بەراورد بەو تەکنۆلۆجیایەی لەو کاتەدا هەبوو، کلیپێکی تا بڵێی جوانیشی بۆ کراوە.

سیناریۆی کلیپەکە بەم شێوەیەیە: باوکێکی پیانۆژەن لە ماڵەوەیە، منداڵێکی تەمەن سەروو یەک ساڵیی بەسەردا بەجێ هێڵراوە و منداڵەکە بەبەردەوامی وڕک دەگرێ و دەکڕووزێتەوە و دایکیشی لە بازاڕە، باوکەکە ناچار منداڵەکە لەباوەش دەگرێ و بەم گۆرانییە دڵنەوایی منداڵەکە دەداتەوە، کە بە کوردییەکەی ئەمەیە:

دایە، وا دەگەڕێتەوە
پاش دەمێکی تر دێتەوە
دێتەوە، یاری و دیارییت بۆ دێنیتەوە
لیو لیو
دێتەوە و جانتایەکی پێیە
قاز و مراویی تێدایە
کە دەڵێ:
وەق وەق واق

ئەو سەردەمە نەک هەر منداڵان، بەڵکوو گەنج و گەورانیش گەلێ حەزیان لەم گۆرانییە بوو، چونکە ئاوازەکەشی زۆر منداڵانە و خۆشە.

منیش یەکێک بووم لەو گەنجانەی زۆر حەزم لەم گۆرانییە بوو، تا نسیبم کەوتە زانکۆ، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی خوێندنی زانکۆوە، تا ئیستاش کە گوێم لەم گۆرانییە دەبێ، ڕقم هەڵدەستێ!... بۆچی؟ با بۆتان باس کەم.

پاش ئەوەی سەرکەوتووانە قۆناغی ئامادەییم بڕی، لە کۆلێژێکی زانکۆی موستەنسرییەی بەغدا قبوڵ کرام، یەکەمین ڕۆژ کە چوومە کۆلێژ، وەک ئەوە وابوو بە زەڕەبیین بۆ قوتابییەکی کورد بگەڕێم، چوار کەلیمە زمانی عەرەبیی شێوەزاری عێراقیم نەدەزانی، تا لەگەڵ کەسێکدا قسەی پێ بکەم، لەڕووشم نەدەهات بە عەرەبیی قەواعیدی قسان بکەم.

یەکەم ڕۆژ بە کراسی سپی و پانتۆڵی ڕەساییەوە چوومە دەوام و خۆم کرد بەو پۆلەدا کە بڕیار وابوو یەکەمین موحازەرەی قۆناغی زانکۆی لێ بخوێنم، پێشتر بۆم باس کردوون کە ئەو سەردەمە لە زانکۆ بە قوتابیی تازەی قۆناغی یەکەمیان دەگوت: (قاز).

سەرتان نەیەشێنم، کە خۆم کرد بە پۆلەکەدا، یەک قوتابییشی لێ نەبوو، لەمن وابوو بەهەڵە چوومەتە هۆڵێکی ترەوە، نەمدەزانی لە کێ بپرسم و چی بڵێم و چۆن پرسیارەکە بکەم؟!

گێژ گێژ لە دەوری خۆمم دەڕوانی، ئەی خوایە ئەم هەموو کچ و کوڕە دێن و دەچن و حیلکەی پێکەنینیانە، کەس لێم ناپرسێ و منیش لە کەس ناپرسم! پاش دەمێک، نازانم کچێکی عەرەبی کەتەی باڵابەرزی موحەجەبە چۆن لە من بووە فریشتە و لەو ساتەدا لێم هاتە پێشێ، لەوە دەچوو لەمێژ بێ سەیری منی کردبێت و زانیبێتی کە من قازێکی تازەی غەریبەم و دەمەوێ کەسێک ڕێنیشاندەرم بێ!

ئەو کچە فریشتەئاسایە بەعەرەبی کەوتە پرسیارکردن لێم، من تێ دەگەیشتم ئەمما نەمدەزانی قسە بکەم.

پرسی: پێویستت بە یارمەتی هەیە؟
وتم: (نعم) بەڵێ!
هەر کە قسەم کرد، زانی کوردم، بۆیە پرسی:
– تۆ کوردیت؟
گوتم: (ئی نعم) بەڵێ
وتی: فەرموو چیت دەوێ؟ قوتابیی قۆناغی یەکەمیت؟
وتم: (ئی نعم) بەڵێ

بە هەرحاڵ بە هەندێ عەرەبیی قەواعیدی و جلفی و کوردی، تێم گەیاند کە من بڕیار وایە لەم هۆڵە موحازەرەم هەبێ، بەڵام هۆڵەکە کەسی تێدا نییە، گوتی وەرە با بچین تەماشای خشتەی موحازەرەکان بکەین، تا بزانی لە سەعات چەند موحازەرەتان هەیە.

لۆژ لۆژ دوای کەوتم، من کوڕێکی منداڵکاری کورتەباڵا و قوتیلە و ڕیوەڵە و ئەویش بەتەواوی بە پێچەوانەی منەوە، کچێکی زلە و کەڵەگەت و باڵابەرز و تا ڕادەیەک قەڵەو و دەنگ نێر، پێشم کەوت.

پاش ئەوەی فێری کردم کە ڕۆژانە چۆن لەو تابلۆیە تەماشای خشتەی موحازەرکان بکەم، گوتی ئێستا شوعبەکەتان موحازەری نییە، ئەمڕۆ سەعات ١٠:٠٠ یەکەم موحازەرەتان لەم هۆڵەیە! منیش سوپاسم کرد و لێم پرسی:

– ئەی ئێستا چی بکەم؟ بڕۆم بۆ کوێ؟ هێشتا سەعات و نیوێکم ماوە.

سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد و گوتی: وەرە لەگەڵ من دەچین بۆ نادی، پێکەوە چایەک دەخۆینەوە و کەمێک قسە دەکەین، منیش سەعات و نیوێکم ماوە.

بەنێو هۆڵ و پاشان بە گۆڕەپانی کۆلێژدا کەوتینە ڕێ، ئەگەرچی کچێکی تا بڵێی ڕۆح سووک و خوێنشیرین بوو، بەڵام کە بەتەنیشت یەکەوە بووین، زیاتر وەک دایک و کوڕ دەردەکەوتین، نەک دوو هاوڕێی هاوکۆلێژ! لێشتان ناشارمەوە بەڕاستی لە میهرەبانییەکەیەوە من ئەو ساتە وەکوو دایکم خۆشم دەویست، ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵە لە دابڕان، لەڕێی فەیسبووکەوە پەیوەندیی هاوڕێیانەمان هەیە.

لە ڕێگا زانیم ناوی (ئیمان)ە و خەڵکی شاری نەجەفە، قوتابیی قۆناغی سێیەمە و بەهۆی بارودۆخی تایبەت بە خۆیەوە دوو ساڵ لە خوێندن دواکەوتووە، بێ گومانم ئەویش ناوی منی زانی و زانییشی خەڵکی سلێمانیم و هیچ هاوڕێیەکم لە کۆلێژدا نییە.

ئیمان بەوە دڵخۆشیی دامەوە کە لەو کۆلێژەدا زۆر قوتابیی تری کورد هەن و ئەگەر لە نادی یان لە حەوشی کۆلێژ تووشیان بووین، لەگەڵ قوتابییە کوردەکان پێکمان دەناسێنێت.

من تا ئەو دەمەش وام دەزانی ئەم تیروتوانجەی (قاز قاز)ە تەنیا لەنێو سلێمانیدا هەیە، نەم دەزانی قوتابییە کوردەکان عەرەبەکانیشیان فێر کردووە!

لەگەڵ (ئیمان)ی یەکەمین هاوڕێی زانکۆم، چووینە یانەی قوتابیانی کۆلێژ، ئیمان منی لەسەر کورسییەک دانیشاند و خۆی چوو دوو پەرداخ چایی هێنا، منی قوربەسەریش نە دەمزانی بە دوو وشەی جوان سوپاسی ئەو کچە بکەم، نە دەمزانی پێی بڵێم با من بچم چایەکان بهێنم، جگە لە (شوکرەن شوکرەن) هیچم پێ نەگوترا، ئەویش ئەوەند خۆش بە عەرەبی دەیگوت: (بیلعافیە حەبیبی) وەخت بوو شێت دەبووم بۆ دوو دێڕی جوانی موجامەلەی عەرەبانە! لە شەرم و تەریقیا، لاڵ بووبووم. بە هەرحاڵ بە درێژایی سەعات و چارەکێک قسەمان زۆر کرد، من زۆر لەو گەیشتم، بەڵام نەمزانی ئەو چەند لەو عەرەبییە عەنتیکەیەی من گەیشت!

کاتێ یانەمان جێ هیشت و چووینەوە بەرەو هۆڵی موحازەرە، تووشی کۆمەڵێ قوتابیی عەرەبیی چەتوون و قۆشمە بووین، دیار بوو دوو سێیەکیان برادەری ئیمان بوون و هەر لە دیمەنمانەوە زانییان، کە من قازە قوتابییم و ئەو کچە بەسۆزە بۆ ڕێنوینی لەگەڵمایە، کە بەلایاندا ڕەت بووین هەموو پێکەوە گۆرانییەکەی محەمەد فەزییان گوتەوە:

(مامە زەمەنها گەییە.... گەییە، بەعد شوەییە... گایبە لەعەب وە حەگات\\ عیو عیو\\ گایبە مەعاها شەنطە...فییها، وززە و بەطە... بتئوول: وەق وەق واق) نە جارێک و نە دووان، هەموو بە دەنگی بەرز و پڕ بەو گۆڕەپانەی کۆلێژ دەیانگوتەوە: (وەق وەق واق).

من لە خەجاڵەتییا عارەقەم دەرکرد و تەنانەت شیرازەی هەنگاوەکانیشم تێک چوو، ئیمانیش تریقەی پێکەنینی دەهات و گوتی: "گوێیان مەدەیە، ئەوانە قەشمەرن هەر قوتابییەکی نوێ ببینن ئەو حەشرەی پێ دەکەن!".

خۆ ئێستا زانیتان بۆچی لەوساوە تا ئێستا، ڕقم لەو گۆرانییەیە؟!

سەپەرشتیار: راگرایەتیی کۆلێژی یاسا

# شایان
# Şayan

سەرنووسەر:
هێرۆ ئیسماعیل عارف

هاوکاران:
عەبدوڵا شاخەوان
هۆگر حەیدەر

## بڕیارێکی سەیری دادوەر بەسەر دایك و کوڕێکدا

بەپێـی هەواڵێکـی سـەیری رۆژنامـەی (دەیلـی مەیـل)ی بەریتانـی، لـە ماوەی رابـردوودا گەنجێکی تەمـەن ٢٤ سـاڵ بەهـۆی ئـەوەی کـە ئۆتۆمبێلەکـەی بـە خیراییەکـی دوو هێنـدەی خیرایـی یاسـایی لێخوڕیـوە، لەگـەڵ دایکیـدا دەچێتـە دادگا داوا لـە دادوەر دەکات، بـڕی غەرامـەی سـەرپێچییەکەی لـە ١٠٠ دۆلارەوە بکـەن بـە ٣٠ دۆلار، لەبەرئـەوەی باری گوزەرانـی خێزانەکەیـان بـاش نییـە.

بەرلـەوەی دادوەر بڕیـار بـدات، دایکـی وەبیـری داوەری دەهێنێتـەوە کـە ٢٤ سـاڵ لەوەوبـەر ئـەو ژنـە واتـە دایکـی کوڕەکـە، بـە دووگیانـی هەمـان سـەرپێچیی خیرایـی لێخوڕینـی لـە هەمـان شـەقامدا کـردووە و هاتووەتـە بـەردەم هەمـان دادوەر و سـزای سـەرپێچییەکەی بـۆ کـەم کردوووەتـەوە، لەبەرئـەوەی ئـەوکات رەچـاوی دۆخـی گـوزەران و دووگیانییەکـەی کـردووە، دادوەر خەریکـە دڵـی نـەرم دەبـێ، دایکەکـە درێـژەی دەداتـێ و دەڵـێ ئـەوکات بـەم کـوڕەوە دووگیـان بـووم کـە ئێسـتا لەبـەردەم جەنابتاندایـە!

دادوەرەکـە لـەو کاتـەدا بیـری دەکەوێتـەوە کـە ٢٤ سـاڵ لەوەوبـەر کاتـێ ئـەو ژنـە هاتووەتـە دادگا بـە دووگیانییـەوە، دۆسـتانە لێـی پرسـیوە:

– منداڵەکەی سکت چییە؟ کوڕە یان کچ؟

ژنەکە گوتوویەتی: کوڕە

– دادوەر لێی پرسیوە:


– هیچ ناوێکت بۆ کوڕەکەت دیاری کردووە؟


ژنەکـە گوتوویەتـی: جـارێ بڕیـارم لـە نـاوی نـەداوە.

دادوەر پێشـنیاری نـاوی (فرانسیسـکۆ)ی بـۆ دەکات و ژنەکـەش لـە خۆشـیی سـووککردنی غەرامەکـەی دەڵـێ:

– تـەواو، بـە قسـەی بەڕێزتـان دەکـەم و نـاوی دەنێـم (فرانسیسـکۆ)

دادوەر ئـەو گفتوگۆیـەی نێـوان خـۆی و دایکـی کوڕەکـەی ٢٤ سـاڵ لەوەوبـەری بیـر دەکەوێتـەوە و لـە دۆسـیەکەی بەردەمیـدا تەماشـای نـاوی کـوڕی ژنەکـە دەکات کـە سـەرپێچیی کـردووە، بـە پێکەنینـەوە بڕیاری کۆتایـی دەردەکات و دەڵـێ: "مـادام نـاوت نەنـا فرانسیسـکۆ و بەڵێنـی خـۆت بەجـێ نەهێنـا، بڕیـارم دا بـڕی ئـەو غەرامەیەی سـەر کوڕەکـەت کـەم نەکەمـەوە!!".







## ئەوەی فێڵ لە پارێزەر دەکات هێشتا لەدایك نەبووە


پارێزەرێـک بـە فڕۆکـە گەشـت دەکات و بەرێکـەوت دەکەوێتـە تەنیشـت خانمێکـی جوانـەوە، هـەر لەگەڵ فڕۆکـە دەچێتـە ئاسـمانەوە، ژنەکـە بەهێواشـی بـە پارێزەرەکـە دەڵـێ: "بـە بێدەنگـی چـی پـارەت لـە گیرفاندایـە بمدەیـە لەگـەڵ ئامێـری مۆبایلەکـەت، ئەگـەر نەمدەیتـێ هـەر ئێسـتا پـڕ بـە گـەرووم هـاوار دەکـەم ئـەم پیـاوە گێچەڵـی سیکسـییم پـێ دەکات و بـەم شـێوەیە ریسـوات دەکـەم و دەسـتەی فڕکەوانییـش دەتگـرن".

پارێزەرەکـە قەڵەمێـک و پارچـە کاغەزێـک لـە گیرفانیـدا دەردەهێنـێ و لەسـەر کاغەزەکـە دەنووسـێت: "مـن کـەڕ و لاڵـم هیچـت لـێ تـێ ناگـەم، دەتـەوێ بڵێـێ چـی لەسـەر ئـەم کاغـەزە بـۆم بنووسـە تکایـە!".

ژنەکـەش کاغەزەکـەی لـێ وەردەگرێـت و ئـەوەی لـەو پیـاوەی دەوێ بـۆی دەنووسـێ، پارێزەرکـەش کاغەزەکـەی لـێ وەردەگرێـت و دەیخاتـە تەنکـەی باخەڵیـەوە، ئنجا بـە ژنەکـە دەڵـێ:

– ئێسـتا دەتوانیـت بـە کەیفـی دڵـی خـۆت هـاوار بکەیـت، مـن بەڵگـەی بێتاوانیـی خۆمـم لـە گیرفاندایە و بـە دەسـتی خـۆت نووسـیوتە... هاهاهاها

## لەبارەی یاساوە چی گوتراوە؟



– فەلسـەفە فێـری کـردم ئـەو کارانـە بکـەم کـە لـە دەرەوەی فەرمانـی ئـەو کەسـانەیە کـە لـە یاسـا دەترسـن... ئەرسـتۆ

– لـەو شـوێنەی کـە یاسـا تـەواو دەبـێ، ئیتـر چەوسـاندنەوە و زوڵـم دەسـت پـێ دەکات... ولیـام بیـت

– ئەرکـی سەرشـان، یاسـایەکە هیـچ سـەرپێچییەک قبـووڵ ناکات... ڤیکتـۆر هۆگـۆ

– حکوومەتـی نموونەیـی ئەوەیـە کـە حکوومەتـی یاسـا و دامـودەزگاکان بـێ، نـەک حکوومەتـی پیاوانـی دەسـەڵات و کەسـەکانی تـر... جـۆن مارشـاڵ

– ئـەو کەسـانەی حـەز و ئارەزووەکانی خۆیـان دەکـەن بـە یاسـا، مرۆگەلـی بـێ یاسـان... شەکسـپیر

– دابونەریـت باشـترین شـرۆڤەکاری یاسـایە... پەندێکـی لاتینـی

– میهرەبانـی کرۆکـی یاسـایە، یاسـا نابـێ بەرامبـەر هیـچ کەسـێک تونـد و نامیهرەبـان بێـت جگـە لـە سـتەمکاران و خوێنرێـژان... شانۆنووسـێکی ئینگلیز.

## نوکتەی قانوونی



ناو گۆڕین

کچـە کوردێـک دەیـەوێ نـاوی خـۆی لـە (بەیان)ەوە بگـۆڕێ بـۆ (سـپێدە)، بـۆ ئـەم مەبەسـتە یاداشـتێک دەباتـە دادگا و دەیباتـە بـەردەم فەرمانبـەری پێوەنـدار:

فەرمانبەری دادگا: فەرموو خوشکی بەڕێز

کچەکـە: سـوپاس، ئـەو عەریزەیـەم نووسـیوە بۆ گۆڕینـی نـاوم و پێشکەشـی بەڕێزتانم کـردووە، فەرمـوو...

فەرمانبەرەکـە پـاش ئـەوەی بـەوردی یاداشـتەکە دەخوێنێتـەوە، لـە کچەکـە دەپرسـێ:

– دەتـەوێ نـاوی خـۆت لـە (بەیـان)ەوە بگۆڕیت بۆ (سـپێدە)؟

کچەکە: بەڵێ

فەرمانبەر: بەڕای من کارێکی باش نییە!

کچەکە: بۆچی؟!

فەرمانبـەر: کچـی بـاش (سـپێدە و بەیانـی) هـەر سـەعاتێکیان فەرقـە، خـۆ بـەو سـەعات گەنج نابیتـەوە، ئیتـر ئـەم هەمـوو هاتوچۆ و مەسـرەفەی بـۆ چییـە!

سووتاندن

دادوەر: ئەگـەر ئـەوەی تـۆ دەیڵێـی قانـوون بێـت، ئـەوە مـن هەمـوو کتێبـە قانوونییەکانـم دەسـووتێنم.

پارێـزەر: لەجیاتـی ئـەوەی بیانسـووتێنی بیانخوێنـەرەوە باشـترە!





## بێ پارێزەر ژیان مەحاڵە

– ئەگـەر ویسـتت دۆسـییەیەک بـۆ کێشـەیەکە یتـە ویەێویسـتتدا پێویسـتت بـە پارێـزەرە، ئەگـەر دۆسـیەی کێشەیەکیشـیان لـێ کردیتـەوە هـەر پێویسـتت بـە پارێـزەرە.

– ئەگـەر کەسـێک وا بینـی کـە تـۆ مافـی ئـەوت خـواردووە، پێویسـتت بـەپارێـزەرە .ئەگـەرکەسـێکیش مافـی تـۆی خـوارد هـەر پێویسـتت بـە پارێـزەرە.

– ئەگـەر بـە ئۆتۆمبێـل لـە کەسـێکت دا پێویسـتت بـە پارێـزەرە، ئەگـەر کەسـێک بـە ئۆتۆمبێـل لـە تـۆش بدات هـەر پێویسـتت بـە پارێـزەرە.


– ئەگـەر ویسـتت میراتییـەک دابـەش کەیـت پێویسـتت بـە پارێـزەرە، ئەگـەر میراتیشـیان بەسـەردا دابـەش کردیـت هـەر پێویسـتت بـە پارێـزەرە.

– ئەگـەر ویسـتت پارچەیـەک زەویـی گشـتی بکەیتـە موڵکـی خـۆت پێویسـتت بـە پارێـزەرە، ئەگـەر زیدەڕۆییشـیان کـردە سـەرزەوییەکـی تـۆ هـەر پێویسـتت بـە پارێـزەرە.

– ئەگـەر لـە چێشـتخانەیەک نانـت خـوارد و تووشـی ژاراویبـوون بوویـت پێویسـتت بـە پارێـزەرە، ئەگـەر لـە چیشـتخانەیەکی تۆشـدا کەسـێک نانی خـوارد و ژاراوی بـوو هـەر پێویسـتت بـە پارێـزەرە.

کەواتە ژیان بەبێ پارێزەر مەحاڵە!





موزەفەر چۆمانی

## سڵاو...

سڵاو ئەزیزی دڵم
رۆژەکان لێرە زۆر سەیرن
کات زۆر بەزەحمەت دەگوزەرێ
ئەزانی چی....؟
خۆزیـا سـەری هەمـان کاتژمێـری دوێنـێ دەهاتـی، هـەر رۆژەی سـەری کاتژمێـر چـواری پاشـنیوەڕۆ بێیـت، مـن لـە کاتژمێـر (سـێ)وە شـەکرم دڵێـدا ئەتوێتـەوە..
هەرچەنـدە کاتژمێرەکـە بچێتـە پێشـەوە مـن زیاتـر هەسـت بـە بەختـەوەری دەکـەم...
کاتژمێـر بـوو بـە چـوار دەکەومـە دڵەخورپـە و نیگـەران دەبـم ئـەو دەمەیـە کـە نرخـی بەختـەوەری ئەزانـم، بـەڵام ئەگـەر تـۆ وەخـت و ناوەخـت بێیـت مـن لـە کـوێ ڕا بزانـم چ کاتێـک دڵـم بـۆ دیدەنـت ئامـادە بکـەم...!
وەرە....!
وەرە ماڵیم بکە
چونکـە کاتێـک ماڵیـم دەکـەی، ژیانـم دەبێتـە چراخـان، ئـەو دەمـە ترپـەی پێیـەک ئەناسـم کـە لـە ترپـەی هـەر پێیـەک جیـاوازە
ئاهـ......
چەندە بێ هودەیە ژیان؟
شتێکت پێ بڵێم؟
تـۆ تەنهـا بـە چـاوی دڵ ئەتوانـی بـاش ببینـی ئـەوەی ئەسـڵە لـە دیـدەدا پەنهانـە،
ئەلعـان بـێ تـۆ لـە چڵـە دارێـک ئەچـم بـە هیـچ شـێوەیەک سـەوز نابمـەوە...

شایان بڵاوکراوەی هەمووانە، هەر مامۆستا و قوتابی و خوێندکارێك دەیەوێ بەشدار بێت با بابەتەکەی بۆ ئەم ئەدرێسە بنێرێت، بەمەرجێ هیچ بابەتێك لە ٢٥٠ وشە زیاتر نەبێت و وێنەی نووسەری لەگەڵ بێت

shayannewspaper@gmail.com